

# ئافەرم شارەوانی سلیمانی، بە هەشت ساڵ سەری دوو مەنهۆڵت بۆ نەگیرا

## گۆران هەڵەبجەیی

وابزانم سەردانی سییەمم بوو بۆ کوردستان کە ماڵی براکەم گواستبوویانەوە بۆ گەڕەکێکی دی
بەنێوی شەهیدانی سەرچنار. ڕۆژانە بە ماشینی براکەم یا بە تەکسی بوایە دەچوومە
ناوشار،ماشێنەکان بە کۆڵانێکدا گووزەریان دەکرد بە نێوی {شەقامی قیرتاوی تازە}.ئەم شەقامە
قەرەباڵغیەکی زۆری لەسەرە،وێڕای ئەوەی قوتابخانەیەکی سەرەتایی لەسەرە ،هاوکات بەردەوام
پاسی نەفەرات و تەکسی و ماشینی جۆراو جۆر گوزەری پییدا دەکەن.
ئەوەی بۆ یەکەم جار  لەم شەقامە سەرنجی ڕاکێشام بوونی دووکوون یا دووچاڵ لە نوێوەڕاستی
شەقامەکەدا کە یەکی بە 20 مەترێک لە یەکتریەوە دوورن.پاشان بۆم دەرکەوت کە ئەمانە مەنهۆڵی
ئاوەڕۆن و بێسەرن واتە دانەپۆشراون .
ئەو ماشێنانەی بەو گوزەرەدا هاتووچۆدەکەن لەمێژە شارەزای ئەو دووچاڵەن و خۆیانی لێ
لادەدەن،بەڵام ئەو ماشێنانەی بۆ یەکەمجار بەو شەقامەدا تێدەپەڕن و بەتایبەتی لە تاریکە شەودا
مەگەر بەخت یاوەریانبێت دەنا خۆیانی لێدەدەن.
باس لەوەش ناکەم چەند مەترسیدارە بۆ ئەو زاڕۆکانەی بەردەوام لە شەقامەکەدا وازی دەکەن.
بەهاری ئەمساڵیش سەفەری کوردستانم کرد، لە وادەی ئەو سەفەرەی بۆ یەکەم جار ئەو چاڵانەم
دیت و تا دواسەفەرم هەشت ساڵ نێوانیانە ،ئیدەی نازانم بەر لە چەند ساڵی دیکە ئەو مەنهۆڵانە
سەریان بەتاڵ بووە، بەهەرحاڵ ئەز تەنها حسابی هەشت ساڵیان بۆدەکەم.

تەنها گۆرانکاری بەسەر ئەو مەنهۆلانەدا هاتووە ، ئەوەیە کە خێرومەن دووپارچە تەنەکەیان خستووەتە سەر چاڵەکان ، دیارە ئەوەش پاش نەمانی ە یوا بە سەرگرتنیان لەلایەن شارەوانیەوە.

لەسەردانی ئەمجارەمدا چەند وێنەیەکی مەنهۆڵەکانم گرت، پاشان لە گەڵ برایەکمدا کە ناسیاوی لە گەل حاکم قادردا هەیە، سەردانێکی شارەوانیم کرد.

لەسەرەتادا هەندێک گلەیی و گازندەم ئاراستەی شارەوانی کرد کە کەمتەورخەمن لە گرنگی دان بە خاوێن ڕاگرتنی شارەکە، هاوکات نمونەکانیشم بۆ بەرێز حاکم هێنایەوە ،ئەوەشم باس کرد کە چارەسەرکردنیان پێویستی بە خەرجیەکی زۆر نیە، بەڵکو تەنها بریارو هەوڵی گەرەکە.

بۆم دەرکەوت بەرێز حاکم گاڵتەی بە ئەقڵم بێت ئەویش بە هێنانەوەی هەندێک پاساو وەک نەبوونی بوودجە ناشارستانی هاوڵاتیان هاوکاری نەکردنی هاوڵاتیان و تاد. پاشان باسی ئەو دوومەنهۆڵەم بۆکرد کە چۆنە تائێستا سەریان نەگیراوەو و مەترسیداریشن ،بۆئەمەش گووتی ئێمە کارمەندمان کە مەو فریای هەموو لایەک ناکەوین و بەردەوام گەرەکی نوی دێنە سەر نەخشەی شارەکەمان کە پێویستیان بە کاری خزمەت گووزاری هەیە. گووتم ئەمانە هەمووی درووستن لەگەڵ ئەوەشدا ئاشکرایە کە ئەو گەڕەکە نوێانە چەند درەنگ دەستی شارەوانیان دەگاتێ، دەمێکیش دەگات زۆربەیان بە نێوە چڵ دەمێنن ەوە.

بەهەرە حاڵ پاش باسکردنی دوومەنهۆڵەکە بەڕێز حاکم تەلەفۆنی بۆ ئەندازیارێک کرد کە لە تەکمدا بێت تا مەنهۆڵەکانی نیشان بدەم. لەڕێگە پرسیارم لەئەندازیارەکە کرد لە بارەی بوونی یەکەیەک تیمێک بە نێوی یەکەی چاککردنەوە یا بەکوردیەکەی خۆمان{ پینەو پەڕۆ} وەک لە زۆربەی شارەوانیەکانی جیهاندا هەیە.لە وەڵامەکەیدا بۆم دەرکەوت کە شتی وا بوونی نیە ،بەڵکو گەر شوێنێک زۆرزۆر پێویستی بە کاری چاککردن بوو ئەوا ئاگاداری چەند کرێکارێکی شارەوانی و چاودێرێک دەکەن کە بەو کارە هەستن ،ئیدی ئەوانیش خۆیان و خوای خۆیان کەی بۆیان گونجا کارەکە ئەنجام دەدەن.

لەتەک برای ئەندازیار گەشتینە شوێنەکە، هەر لەوێ ئاگاداری ماڵێکی کردەوە کە بەزووترین کات ئەو بەرماڵەی خۆیان پربکەنەوە کە هەڵیان کەندووە دەنا سزای مادی دەدرێن.هەرلەوکاتەدا پیاوێکی نیشتەجێی یەکێک لەوماڵانە هاتە دەرەوە، کەزانی قسەلەبارەی مەنهۆڵەکانەوە دەکەین،گووتی پرواتان بێت پتر لە دەجار بەناوی ئەم گەرەکەوە {عرزوحاڵ}مان پێشکەش بە شارەوانی سەرچناو کردووە بۆ چاکردنی ئەم مەنهۆڵانە بەڵام تا ئێستا کەس نە هاتووە بە دەممانەوە. بەکرەجۆ برای ئەندازیار بە دەستیەکەی زەنگی بۆ کەسێک لیدا کە بێن چاکی بکەن.پاشان بەمنی گووت کاک گۆران ئەمڕۆ پێنج شەمەیە سبەی و دووسبەیش پشوی هەفتەیە یەکشەمە دێن چاکی دەکەن.

دوو یەکشەمەی دیکە لە کوردستان بووم هیچ رووینەدا، پاش گەڕانەوەشم هەر جارێک تەلەفونم بۆ براکەم دەکرد هەواڵی چاڵەکانم لێدەپرسی لەوەڵامدا دەیگووت هەروەک خۆی وایە.

تادوواجار لەم ڕۆژانەدا هەمان پرسیارم لە براکەم کردەوە بە تووڕەییەوە گووتی وازلەو بابەتەبهێنەو لەبیری خۆیت بەرەوە ،ئاسوودەبە کە هەر وەک خۆی دەمێنێتەوە.گووتم بۆچی گووتی چوونکە نەماڵی بەرپرس و نە خزمانی بەرپرسی نە بەرپرسانی پلە سێی لەو شەقامەدا دەژین،خۆگەر وابووایە لەمێژبوو چاککرابوو.

نازانم چ ئومێدێکم بە شارەوانیەک هەبێت کە ڕێز لە هاووڵاتیان نەگرێت و داوکانیان جێبەجێ نەکات،یا نەتوانێت بۆ ماوەی بتر لەهەشت ساڵ سەری دوومەنهۆڵ بگیرێت.هاوکات بانگەشەی شاری خاوێن و مودیرن وپر خزمەتگوزاری دەکات.گەر ئەمە خۆڵکردنە چاوی خەڵک نەبێت هیچی دیکە نیە.

Halabja.info
www.halabja.info